www.kurdistannet.org

# « یەکەمین کۆنگرەي زانستي فێرکاریي زماني کوردي لە ئێراندا بەڕێوە چوو »

لە رۆژاني 9و10ي جۆزەرداني ئەمساڵ لە یانەي هونەرمەنداني ئێران کۆنگرەیەکي زانستي بـۆ فێرکـاریي زماني کوردي لە تاران بەڕێوە چوو.
ئەم کۆڕە لە لایەن ئەنستیتۆي فەرهەنگي کوردستان و ئەنجومەني فەرهەنگي ئەدەبیي (پەیڤ)ي سەقز بە مەبەستي پێکهێناني لێژنەیەکي زانستي بۆ پێکاني ئەم مەبەستانە ساز کرا:

1ـ چاوەدێري کردني زانسینانە بە سەر رەوتي فێرکاري زماني کوردي لە ئێراندا.
2ـ نووسیني کتێب بۆ قۆناغە جیاوازەکاني خوێندني کوردي.
3ـ بەخشیني بڕوانامە بە دەرچواني کۆرسي خوێندني کوردي.
4ـ هەوڵ دان بۆ رەسمي کردنەوەي خوێندني زماني کوردي.
5ـ هەوڵ دان بۆ یەك دەست کردني شێوە و میتۆدي فێرکاریي زماني کوردي کە بە شێوەیەکي نـارەسمي ئارادایە.

ئەم کۆنگرەیە کاتژمێري 9ي رۆژي پێنچ شەمە بە خوێندنەوەي بەیاننامەي لێژنــەي سەرپەرشـتکاري لە لایەن بەرێز بارام وەلەدبەگي بەرپرسي ئەنستیتۆي فەرهەنگي کوردستان کرایەوە، پاشان بەرێز دکتـۆر عەتەالله مهاجەراني بەرپرسي ناوەندي (گفتوگۆي شارستانیەکان) و راوێژکاري سەرۆك کۆماري ئیسـلامي ئێران لە سەر زمانە ئێرانییـەکان و (وفـاق ملـي) رێـك کـەوتني نەتەوایـەتي چـەند و تەیـەکي ئاراسـتەي ئامـادەبواني کۆنگـرە کـرد و هـەروەها لـە ئاهـەنگ و رێورەسمـي دەســتپێکردني کۆنگـرە دا بەیاننامــەي ئەنستیتۆي کورد لــە برلـین و ئـەمریکا و بەیاننامـەي فراکسـیۆني کـوردي پەرلـەمان و پیرۆزبـایي کـۆڕي زانیاري کوردستان لە هەولێر خوێندرانەوە.
لەم کۆنگرەیەدا کە دوو رۆژي خایاند حەوت وتارو مێزگردي گرتە خۆ و لـە ئاکـامدا کۆنگـرە کـە بـە مەبەستي سازکردني لێژنــەي زانسـتي دانیشـتني هـەڵبژاردني بـەرێوە بـردوو 15 کـەس لـە نووسـەران و زمانەواناني کوردستاني ئێران بە دەنگداني ئامادە بوواني کۆنگرە کە بەگشتي لە نووسەران و رۆشــنبیراني

www.kurdistannet.org


كوردستاني ئێران بوون بۆ جێبەجێ كردني ئەركي زمانەواني كوردي **15** كـەس وەكـوو ئـەندامي كـارا **5** كەس وەكوو ئەندامي ياريدەر هەڵبژێردران. هەڵبژێردراوان بريتي بوون لە :

| ز | ناو و نازناو | ژمارەي دەنگ | ز | ناو و نازناو | ژمارەي دەنگ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عەتا نەهايي | 1 2 | 1 | كامەران رەحيمي | 6 5 |
| 2 | احمد قازي | 1 1 | 1 | فاروق كەيخسرەوي | 6 3 |
| 3 | علي روخزادي | 1 1 | 1 | شەريف حوسێنپەناهي | 6 2 |
| 4 | عەزيز ژيان | 1 1 | 1 | محمديوسفرسولئابادي | 5 9 |
| 5 | كافي عەلوي | 1 1 | 1 | رەشيد كرمانج | 5 8 |
| 6 | بەختيار سەجادي | 9 4 | 1 | رەزا شجيعي | 5 8 |
| 7 | كليمالله تەوەحودي | 9 4 | 1 | ئەحمد بەحري | 5 7 |
| 8 | فتاح ئەميري | 8 6 | 1 | ناسر وەحيدي | 5 3 |
| 9 | عەبدولخالق يەعقوبي | 7 0 | 1 | عەبدوڵڵ سەمەدي | 4 9 |
| 10 | دكتر جەلال جەلاليزادە | 6 7 | 2 | مەنسور تەيفوري | 4 9 |

دواتر لە ئاهەنگي كۆتايي كۆڕەكەدا لە لايەن لێژنەي سەرپەرشتكارەوە تابلۆي رێزلێنـان و سوپاسـنامە بەم بەرێزانە بەخشرا :

**1**ـ ماموستاي نەمر هەژار مهاباد

**2**ـ مامۆستاي نەمر هێمن مهاباد

**3**ـ مامۆستاي نەمر زەبيحي مهاباد

**4**ـ مامۆستاي نەمر تەها فەيزيزادە مهاباد

**5**ـ مامۆستا ئەحمەدي قازي ورمێ

**6**ـ بەرێز شەريف حسەينپناهي سنە

**7**ـ مامۆستا دكتۆر عەلي روخزادي سنە

**8**ـ مامۆستا شوكروڵڵا بابان تاران

www.kurdistannet.org


| | | |
|---|---|---|
| 9ـ بەرێز حەبیبوڵڵا مەنسووریان | | ئیلام |
| 0 | 1 ـ بەرێز کەلیموڵڵا تەوەحودي | خوراسان |
| 1 | 1 ـ بەرێز فارووق کەیخوسرەوي | سەقز |
| 12ـ بەرێز ماجد رۆحاني | | سنە |
| 3 | 1 ـ بەهائەدین ئەدەب | تاران |
| 4 | 1 ـ کەریم کەریمپوور | کرماشان |
| 5 | 1 ـ عەبدوڵڵا سەمەدي | مهاباد |